بازرگانی: تا ئەستا ملیۆنێک و ٣٠٠ هەزار تۆن گەنم لە جوتیاران وەرگیراوە

کەمپانیای گشتی بۆ بازرگانی دانەوێڵەی سەر بە وەزارەتی بازرگانی عێراق دەڵێت، تا ئەستا ملیۆنێک و ٣٠٠ هەزار تۆن گەنم لە جوتیاران وەرگیراوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە ١٨ی ئایاری ٢٠٢٥، حەیدەر نوری، بەڕێوەبەری کەمپانیای گشتی بۆ بازرگانی دانەوێڵە لە عێراق وتی، تا ئەستا بڕی گەنمی وەریگراوی ئەمساڵ گەیشتووەتە ملیۆنێک و ٣٠٠ هەزار تۆن.

ئەمەش لە کاتێکدایە، پێشتر وەزارەتی بازرگانی عێراق رایگەیاندبوو، هەموو هەوڵەکانی خێیان لە سەرجەم پارێزگاکان خستووەتەگەر بۆ ئەوەی لە وەرزی درووێنەکردنی گەنمدا بەشێوەیەکی باش پرۆسەکە بەڕێوەبەرن.

هاوکات، لە ماوەکانی رابردووش وتەبێژی وەزارەتی بازرگانی عێراق بۆ ئێن ئاە تی وتبوو، پێشبینی دەکەن ئەمساڵیش بڕەهەمی گەنم بگاتە ئاستی خەبژەوی و لە پلاندایە شەش ملیۆن تۆن وەربگرن.